

# سەربازەکانی کۆمار

دۆرۆسی پارکەر
لە ئینگلیزییەوە: د. محەمەد عەزیز سەعید
(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی)

پاش نیوەڕۆی یەکشەممە بوو لەگەڵ کچە سوێدییەکە لە کافتریای شاری ڤالەنسیا دانیشتبووین، شەرابی "ڤێرماوس"مان لە پەرداخە ئەستوورەکاندا دەخواردەوە، سەهۆڵی ڕەنگ خۆڵەمێشی بەتامی هەنگوینی گوڵ لە شێوەی شەش پاڵوو لە پەرداخەکاندا بوو، "ساقی"یەکە زۆر شانازی بە سەهۆڵەکەیەوە دەکرد و نەیدەویست پەرداخەکان لەسەر مێزەکە بەجێ بهێڵێ.

بەدوای ئەرکەکەیدا ڕۆیشت، لە هەموو لایەکی ژوورەکە چەپڵەیان لێ دەدا و هاواریان دەکرد تا سەرنجی ساقی بۆلای خۆیان ڕابکێشن، ئەویش لەسەرشانییەوە بەلووتی بەرز سەیری دواوەی دەکرد.

دەرەوە تاریک بوو، تاریکی بە خێرایی ناوچەکەی داپۆشی، لەبەر نەبوونی لایتەکان لەسەر شەقامەکان، تاریکییەکە وەک تاریکی نیوەشەوی ڕۆژانی ڕابوردوو خۆی دەنواند، لەوانەیە لەلات سەیر بێ کە هێشتا منداڵان نەخەوتبوون و هەر بە خەبەر بوون، منداڵان لە کافتریاکە بوون، منداڵان بە بێ پشوو و وچان لە دەوروپشت بوون.

منداڵێکی بچووک تەنیا "شەش مانگان" دەبوو لەسەر مێزەکەی نزیکمان دانرابوو، باوکی جلێکی گەورەی لەبەر کردبوو، شانەکانی شۆڕ کردبووەوە، باش کۆی کردبووەوە و لەسەر ئەژنۆی دانابوو. ئەو پیاوە هیچی نەدەکرد، ژنە لاوازەکەی لەگەڵدابوو، سکی گەورە بوو و جلی بێ ئەدەبانەی پۆشیبوو، دانیشتبوو بە جۆش و خۆشییەوە تەماشای دەوروپشتی دەکرد، قاوەکە لەبەردەمیان سارد بووبووەوە، منداڵەکە وەک ڕۆژی یەکشەممە سپی بوو؛ جلەکانی لە قوماشێکی ناسک دوورابوو، زۆر سپی، سێبەری لەسەر دروست کردبوو، سەری منداڵەکە بە شریتێکی شین ڕازێنرابووەوە، زۆر باش لوول درابوو و شۆڕ کرابووەوە.

شریتەکە هیچ سوودی نەبوو؛ قژی ئەوەندە نەبوو پێوەی ببەسترێتەوە. لوول کردنەکە تەواو بوو، ڕازابووەوە، تێکەڵاویی لەگەڵ پرچەکەی باش بوو.

بەخۆمم گوت "ئای، بۆ خاتری خوا، ئەوە ڕاگرە".

"زۆر باشە، پارچە شریتێکی سپی بە سەری منداڵەکەوەیە. زۆر باشە، دایکی ڕۆیشت، بەبێ ئەوەی هیچ بخوات، دەشێ جوان بیت کاتێک مۆڵەت وەردەگری و دێیتەوەماڵەوە. زۆر باشە، ئەوە ئیشیەتی؛ هیچ پێوەندی بە تۆوە نییە. زۆر باشە، هیچ پێوەندی بە تۆوە نییە تا بۆی بگری".

ژوورە گەورە تاریکەکە قەرەباڵغ بوو، بە جۆشوخرۆش بوو. ئەو بەیانییە فڕۆکە جەنگییەکان شارەکەیان بۆردوومان کردبوو، شارەکە بە ڕۆژ زۆر ترسناک بوو. خەڵکی ناو کافتریاکە هیچ دڵتەنگ نەبوون، هیچ کەس ناچاری لێبووردن نەبوو. قاوە، یان پەرداخێک لیمۆیان خواردبووەوە. کاتێکی خۆش، پاش نیوەڕۆی یەکشەممەیە. دەنگە دەنگێکی زۆر، هەموویان لە هەمان کاتدا قسەیان دەکرد، لە هەمان کاتدا گوێیان دەگرت و وەڵامیان دەدایەوە.

سەربازێکی زۆر لە ژوورەکە بوون. وا دەردەکەوت جلی بیست جۆرە سوپایان لەبەر کردبێ، بەڵام ڕاستییەکەی یەک بوون، بەڵام شێوازی پۆشینیان جیاواز بوو. ژمارەیەکی کەمیان بریندار بوون، لێرە و لەوێ بە هۆشیارییەوە هەنگاویان دەنا، خۆیان هاویشتبووە سەر گۆچان، یان دوو دار حەیزەران. یەکێکیان، ڕەنگی دەموچاوی وای نیشان دەدا، کە بەرەو چاکبوونەوەیە.

پیاوگەلێکی زۆری لێ بوو، جلوبەرگی شارستانییان لەبەر کردبوو، هەندێکیان سەربازی مۆڵەت پێ دراو بوون و دەڕۆیشتنە ماڵەوە و هەندێکشیان کارمەندی میری بوون، لەگەڵ هەندێ هاووڵاتی تر. هەندێ هاوسەری دڵخۆشی لێ بوو باوەشێنی کاغەزیان بە دەستەوە بوو، لەگەڵ هەندێ پیرەژنی وەک نەوەکانیان بێ دەنگ. گەلێک کچی جوانی لێ بوو، بەڵام هەستت نەدەکرد بە بوونی "جۆری ئیسپانی ڕووخۆش" بڵێی "ئەم کچە جوانە".

جلی ژنەکان تازە نەبوون، قوماشەکەیان زۆر سادە بوو، نیشانەی گەرەنتییەکانیان پێوە نەمابوو.

بە کچە سوێدییەکەم گوت"شایانی پێکەنینە"، "چۆن دەبێ لە شوێنێکی وەک ئێرە کەس جلوبەرگی باشی لە بەر نەکردووە". کچە سوێدییەکە گوتی "تکا دەکەم؟".

کەس نەبوو، سەربازی ئاسایی، شەبقە لەسەر بکات. یەکەم جار کە هاتین بۆ ڤالەنسیا، لە گەڕەکێک دەژیام، خەڵکی شەقامەکە پێم پێ دەکەنین، هۆکارەکەی ئەوە نەبوو کە بە خەتێکی ناخۆش لەسەر دەموچاوم نووسرابوو "کۆتایی گەڕەکی ڕۆژئاوا".

خەڵکی ڤالەنسیا ئەمەریکییەکانیان خۆش دەویست، خەڵکی باشیان بینیبوو- دوکتۆرەکان کارەکانیان بەجێ هێشتبوو و هاتبوون بۆ هاوکاری کردن. پەرستارێکی گەنجی بێ دەنگ، پیاوەکانی نێودەوڵەتی. کاتێک بەرەو پێش ڕۆیشتم، ژن و پیاوەکان زۆر بە خۆشییەوە دەستەکانتیان بە دەموچاویان و دەم و چاوی منداڵەکاندا دەهێنا، بە دڵپاکییەوە خۆیان دەردەخست، زۆر دڵخۆش، ئاماژەیان دەکرد و دەگریان "ئۆلێ!"، زۆر جوان، شەبقەکەم بۆیان بەرزکردەوە؛ پێکەنین نەما، شەبقەکان درێژ نەبوون، شەبقەی ئاسایی بوون.

کافتریاکە پڕ بووبوو، جێگا نەمابوو، مێزەکەم بەجێ هێشت و بۆ قسەکردن لەگەڵ یەکێک چووم بۆ ئەوسەری ژوورەکە، کە گەڕامەوە شەش سەرباز لەبەردەم مێزەکەی من دانیشتبوون. زۆر قەرەباڵغ بوو بە پاڵەپەستۆ گەیشتمەوە لای کورسییەکەم. پێدەچوو زۆر شەکەت بن، خۆڵاوی بوون، پەرتەڵە بوون بە شێوەی تازە مردوو. یەکەم شت دەتبینی دەمارەکانی ملیان بوو، هەموویان قسەیان لەگەڵ کچە سوێدییەکە دەکرد. ئەم کچە، ئیسپانی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، زمانەکانی ئیسکەندناڤی، ئیتاڵی، ئینگلیزی قسە دەکات. ئەگەر پەشیمانی هەبووایە، ئەوە لەسەر زمانە هۆڵەندییە ژەنگاوییەکەی بوو کە چیتر قسەی پێ نەدەکرد. تەنیا دەیخوێندەوە، زمانی ڕۆمانییەکەشی بەهەمان شێوە بوو.

بە کچە سوێدییەکەیان گوتبوو، ئەویش بە ئێمەی گوت کە ئەوان لە کۆتایی چل و هەشت سەعاتی مۆڵەتەکەیانن. لە چاڵەکانی بەرەکانی جەنگ هاتوونەتەوە، هەموو پارەکانیان بۆ جگەرەکێشان تەرخان کردووە، چەند شتێک بە هەڵە ڕۆیشت و جگەرەکانیان پێ نەگەیشت.

پاکەتێک جگەرەی ئەمەریکیم پێ بوو، بە پارەی ئیسپانی هیچ نەبوو - پاکەتەکەم دەرهێنا، بە زەردەخەنە

و سەرجووڵان و جووڵەی سینگم، ئەم پاکەتە جگەرەیە پێشکەش ئەم شەش پیاوە دەکەم کە بۆ جگەرەکێشان پەرێشان بوون.

کە لە مەبەستم تێگەیشتن، هەموویان هەڵسان و دەستیان گوشیم.خوشحاڵم بە بەشداریکردنی ئەم پیاوانە لە جگەرەکانم، ئەوانەی بە نیازی گەڕانەوەن بۆ سەنگەرەکانی بەرەکانی جەنگ. زۆر سپاسیان کردم. جگەرەکانیان بە پەتێکی زەردی بۆن ناخۆشی بۆن ئاگر داگیرساند، کچە سویدییەکە ئەم قسانەی بۆ وەرگێڕاین، وەک داگیرساندنی پلێتەی بۆمب وابوو. قاوەیان بۆ هات و شەکریان تێکرد و دەستیان بەقسەکردن کرد.

لە ڕێگای کچە سویدیەکەوە قسەیان لەگەڵمان دەکرد، بەشێوەیەک قسەیان لەگەڵمان دەکرد وەک بڵێیت هیچ زانیارییەکمان نەبێت. تەماشای دەموچاویان دەکردین و زۆر لە سەرەخۆ قسەیان دەکرد، پیتەکانیان زۆر بە ڕوونی دەگوت و لێوەکانیان دەجووڵاند، کاتی باسکردنی چیرۆکەکانیان هات، زۆر بە جۆشەوە بەسەرمانیاندا باراند، زۆر مەبەستیان بوو لێیان تێبگەین. سوور بوون کە لێیان تێبگەین، شەرمەزارییە ئەگەر لێیان تێنەگەین.

کچە سویدییەکە گوتی "هەموویان جووتیار بوون و کوڕە جووتیارن، لە ناوچەیەکی زۆر هەژارەوە هاتوون، هەرگیز ئارەزووی بیرکردنەوە لە ئەم جۆرە هەژارییە ناکەیت". گوندەکانیان نزیک ئەو گوندەیە کە پیاوە پیرەکان و پیاوە نەخۆشەکان و ژنەکان و منداڵەکان بۆی چوو بوون، لە کاتی پشوودا، فڕۆکە جەنگییەکان هاتبوون و یاریگاکانیان بۆردومان کردبوو، ژمارەی پیرە پیاوەکان و پیاوە نەخۆشەکان و ژنەکان و منداڵەکان لە دووسەد کەس زیاتر دەبوو. ئەم شەش کەسە، ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە بەرەکانی جەنگ بوون و زۆربەی کات لە ناو سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕدا بوون.

چواریان خێزاندار بوون، یەکێکیان یەک منداڵی هەبوو، دووانیان سێ منداڵیان هەبوو، یەکێکیان پێنج منداڵی هەبوو. لەو کاتەوەی بۆ بەرەکانی جەنگ ڕۆیشتبوون، تا ئێستا هیچ هەواڵێکیان لە خێزانەکانیان پێ نەگەیشتبوو، هیچ جۆرە پێوەندییەک نەبوو، دووانیان، لە پیاوە شەڕکەرەکانی ناو سەنگەرەکانی بەرەکانی جەنگ، فێری نووسین بووبوون، بەڵام ئازایەتییان نەبوو نامە بۆ ماڵەوەیان بنووسن. ئەوان ئەندامی یەکێتی پیاوان بوون، ئەگەر ئاشکرا بووبان، لە سێدارە دەدران.

دوژمن گوندەکەیانی داگیر کردبوو، خێزانەکانیان لە ژێر دەسەڵاتی دوژمندا بوون، ئەگەر خێزانت نامەی پێ بگات و ئاشکرا ببێت، یەکێتی پیاوان گوللەبارانی دەکات. بۆیان باس کردین کە چۆن ماوەی ساڵێکە، هیچیان لە بارەی خێزانەکانیانەوە نەبیستووە. بە ئەدەبەوە، یان بە گرژییەوە، یان بە شانازییەوە بۆیان باس نەدەکردین، بەڵکو چۆن بۆیان بگونجابایە، ئاوا باسیان دەکرد.

ئێوە ماوەی ساڵێکە لە ناو سەنگەرەکانی بەرەکانی جەنگن و دەجەنگن، هیچتان لە بارەی ژنەکانتان و منداڵەکانتان نەبیستووە، ئەوانیش هیچ لە بارەی ئێوەوە نازانن، مردوون، زیندوون، یان کوێر بوون، ئێوەش نازانن ئەوان چییان بەسەر هاتووە، پێویستە قسە لەگەڵ کەسێک بکەیت، ئاوا پێیان دەگوتین.

یەکێکیان شەش مانگ لەمەوپێش، لە ڕێگای ژن براکەیەوە لە فەڕەنسا، دەنگوباسی خێزانەکەی و سێ منداڵەکەی پێگەیشتبوو - گوتی، چاویان زۆر جوانە. پێی گوتبوو، هەموویان ماون، ڕۆژانە قوتوویەک فاسۆلیا وەردەگرن، خێزانەکەی گازاندەی لە خواردنەکە نەدەکرد. تاکە کێشەی خێزانەکەی ئەوەبوو داوی نەبوو جلی منداڵەکانی پێ بدوورێتەوە، ئەمەش بۆی بووبوو بە کێشە.

بەردەوام دەیگوت "ژنەکەم داوی نییە"، "خێزانەکەم، داوی نییە، بیدوورێتەوە، داوی نییە".

لەوێ دانیشتین گوێمان لە کچە سویدییەکە دەگرت، قسەکانی بۆ وەردەگێڕاین. لەناکاو یەکێکیان تەماشای کاتژمێرەکەی کرد، بە جۆش، وەک پیاو هەستانە سەر پێ، بانگی ساقییەکەیان دەکرد، لەگەڵیدا خێرا قسەیان دەکرد، هەموویان، دەستیان گوشین. زۆر بە پەرۆشەوە پێمان گوتن کە ئەم جگەرانەی ماون لەگەڵ خۆیان بیانبەن، چواردە جگەرە بۆ شەش سەرباز، ببەن بۆ جەنگ. جارێکی تر دەستیان گوشین، هەموومان گوتمان "سالود!"، شەش لەوان و سێ لە ئێمە، هەر شەشیان ڕایان کردە دەرەوەی کافتریاکە، ماندوو بوون، خۆڵاوی بوون، پەرتەڵە بوون، وەک گەلێکی مەزن، بچووک بنوێنێ.

دوای ڕۆیشتنیان، تەنیا کچە سویدییەکە قسەی

دەکرد، کچە سویدییەکە لە سەرەتای شەڕەوە لە ئیسپانیا بوو. پەرستاری پیاوەکانی کردبوو، کە بە پارچەی گوللەتۆپ بریندار بووبوون. گواستەرەوەی بردبوو بۆ بەرەکانی جەنگ، زۆر قورس، دەگەڕایەوە نەخۆشخانە. زۆربەی بینیبوون، زۆری بیستبوو کە چەندانیان لێ درابوو و پێدەنگ بووبوون، تێپەڕیبوون.

ئێستا کاتی ڕۆیشتن هاتووە، کچە سوێدییەکە هەردوو دەستی بەرز کردەوە سەر سەری، دوو چەپڵەی لێ دا بۆ بانگکردنی ساقییەکە، ساقییەکە سەر و دەستی جووڵاند، دوور کەوتەوە.

**سەربازەکان، پارەی خواردنەوەکانیان دابووین.**

*** سەربازەکانی کۆمار یەکێکە لە پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکا، لە ساڵی ٢٠٠٨ پرۆفیسور میلتۆن پرۆفیسوری ئەدەبی ئینگلیزی زانکۆی جۆرج واشنتۆن ئامادەی کردوون و پێشەکی بۆ نووسیون و چاپی کردوون.**

*** کورتە چیرۆکی سەربازەکانی کۆمار، نووسەری ئەمەریکی خاتوو دۆرۆسی پارکەر لە ساڵی ١٩٣٧ نووسیویەتی. ئەم نووسەرە شاعیر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگر و قسەخۆش و نوکتەباز بووە.**

*** لە ١٨٩٣/٨/٢٢ لە ویلایەتی نیوجیرسی لە ئەمەریکا لە دایک بووە و لە ١٩٦٧/٦/٧ لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا لە ویلایەتی نیویۆرک ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.**

*** سەربازەکانی کۆمار کورتە چیرۆکێکی ئەمەریکییە و باس لە ژیانی شەش سەرباز دەکات لە کاتی شەڕی سیڤیلی ئیسپانیا کە لە ساڵی ١٩٣٧ ڕووی دا. ئەم شەش سەربازە لە سەنگەرەکانی بەرەکانی جەنگ لە شاری ڤالەنسیا لە ئیسپانیا ماوەی ٤٨ کاتژمێر مۆڵەت وەردەگرن و دێنە یەکێک لە کافتریاکانی ڤالەنسیا بۆ پشوودان و جگەرەکێشان و قاوە خواردنەوە.**

**سەرچاوە:**

**Fifty Great American Short Stories, Professor Dr. Milton Crane, George Washington University- USA, Published by Bantam Classic/ June 2008, ISBN 978-0-553-27294-9.**